# چۆمسكی وحزب الله..!



**نورەدین وەیسی**

سالآنێكی زۆرە رووناكبیری چەپی ئەمریكایی بەرەگەز جوولەكە نوام چۆمسكی لەپاڵ كارە ئەكادیمییەكانی لەبوار زمانناسیدا چالاكڤانێكی كاراورەخنەگرێكی دێرین وزۆر توندی رەوتاروهەڵسوكەوت وسیاسەتی دەرەوەی وڵاتەكەیەتی بەتایبەتیش دەبەرانبەر رۆژهەڵاتی ناڤیندا،ئەو كابرایەبەوە ناسراوەكەپشتیوانیەكی باش لە فەلەستینییەكان وكێشە عەرەبییەكان دەكات، لەبەرامبەر دۆزی كوردیشدا یەك دووجار رەخنەی لە رژێمی توركیا گرتووەو فرۆشتنی چەكیشی بەورژێمە لەلایەن ئەمریكاوە سەرزەنشت كردووە، لێ بەلێ چۆمسكی تا ئێستا پرسی كوردی وەكو كێشەی گەلێكی نیشتمان داگیركراو نەناسیوە، هەربۆیەش لە كن وی باكووری كوردستان(باشووری رۆژهەڵاتی توركیا)یە..

لە درێژەی سەردانەكەی لە لوبنان چۆمسكی سەریشی لە بارەگای حزب الله دا كەوەك خۆی گوتی هەر لەئەمریكاوە بڕیاریدابوو سەردانی حزب الله بكات، چش لەسەردانەكە،بەڵام ئەوەی زۆر مایەی سەرسوڕمان بوو لێدوانەكانی وپێداهەلگوتنی بوو بە رێبەری تاقمی حزب الله حەسەن نەسرولّلا كە گوتی( حەسەن نەسرولّلا پیاوێكی زۆر داناو ژیرەو زۆر شتیشی لێوە فێربووم و،هۆی زۆر بەجێش هەن كە حزب الله واز لە چەكەكانی نەهێنێت) لەبارەی فشارەكانی ئەمریكاش بۆسەر ئێران وسوریا گوتی( ئەمریكا بۆیە فشار دەخاتە سەر ئەم دوو وڵاتە چونكە سوریا وئێران سەركەوتووانە ملكەچی ئەمریكا نابن).ئەم قسانەی چۆمسكی زۆر بوونە جێگەی نارەزایی وتووڕەیی رۆشنبیرە لیبرالەكانی لوبنان كە بەدەست تاقمی حزب الله وە دەناڵێنن هەربۆیەش چۆمسكیان بە بێ ئاگا داناوداوایانكرد كە ماوەیەكی درێژ لە لوبناندا بمێنێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت حزب الله چییەو چۆن چەكی ئەو تاقمە لە ئیسرائیل هەڕەشەترە بۆ سەرئازادی وسەربەخۆیی لوبنان.

ئەوەی سەرەواوێك لەسیاسەت تێبگات دەزانێت كە حزب الله تاقمێكی تیرۆریستی و داردەست ودەسكەلای هەردوو رژێمی تیرۆریستی ئێران وسوریایەودیرۆكێكی دێرینیشی لە تیرۆرتۆقاندن و رفاندندا هەیە بەتایبەتیش لەكاتی شەڕی نێوخۆیی لوبناندا ،بۆیە ناچێتە عەقڵەوە چۆمسكی كە قسەوباسێكی زۆر لەسەر كێشەكانی رۆژهەڵاتی نێوەراست دەكاولەسەریشی نوسیوون نەزانێت حزب الله چییەو داردەستی كێیە ،ئیدی سەیرە رووناكبیرێكی چەپ ئاوا بەسووك وسانایی بچێتە سەنگەری تیرۆریستانەوە لەكاتێكدا چۆمسكی قسەیەكی زۆری لەسەر تیرۆر كردووەوهەرلەم سەردانەشیدا دووپاتی كردەوە ئەمریكا تیرۆریسترین وڵاتی دنیایە، من هەرگیز پاساو بۆ سیاسەتی دووڕووانەی ئەمریكا ناهێنمەوە بەتایبەتیش لەپەیوەند بە

کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوین بەڵام هۆی چییە چاوەکانی بەڕێز چۆمسکی تیرۆری ئەمریکا دەبینێ وەلێ لەبەرامبەر تیرۆری حزب اللەو ئێران وسوریا نابینایە؟

قسەو لێدوانەکانی ئەم چەند رۆژەی چۆمسکی لەلوبنان سەدان نیشانەی پرسیار لەبەردەم رەخنەوکاروچالاکییەکانی ئەم رووناکبیرە دادەنێن وکارێکی زۆریان لەنێوبانگی کردکەبەئاسانی چاك نابێتەوە، چونکە سەردانی ئەو لە حزب اللە وپێداهەڵگوتنی بە رێبەرەکەی واژوو کردنی چەکی بێگوناهی وئاشتیخوازی بوو بۆیەکێك لە تیرۆریسترین رێکخرۆاوەکانی ناوچەکە کەبەهاوکاری هەردوو رژێمی تیرۆریستی ئێران وسوریا دەیەوێ رێ لەهەر باهۆزێکی دیموکراسی بگرێت کە روو لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بکات.

www.commondreams.org/headlines06/0512-08.htm

www.yalibnan.com/site/archives/2006/05/noam_chomsky_de.php

www.almanar.com.lb/Story.aspx?Language=ar&DSNO=649535